برایتۆن بەس سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک شکستی بە مان یونایتد هێنا



لە یارییەکانی هەفتەی 22ی خولی ئینگلتەرا، مان یونایتد لە یاریگای خێدا میوانداری برایتۆنی کرد.

لە گەمی یەکەم، هەر لەسەرەتاوە یانەی میوان لەڕێگای مینتۆوە پێش کەوتن، بەڵام لە خولەکی 23 برێنە فەرناندێز ئێنجامەکەی بە یانەکەی یەکسانکردەوە و گەمی یەکەمیش بەو ئێنجامە کۆتایی پێهات.

لە گەمی دووەم، برایتۆن لە خولەکانی 60 و 76 دوو گۆڵیی تریان لەڕێگای جواو پیدرە و جیەرجینە رووتەرەوە تۆمارکرد و سەرئەنجامیش یارییەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک بە بردنەوەی برایتۆن کۆتایی پێهات.

بەو ئێنجامەش، مان یونایتد خاڵەکانی لە 26 خاڵ مایەوە و لە پلەی 13یەم دەت، برایتۆنیش 34 خاڵی هەیە لە پلەی نۆیەم.